The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

**نزیکەی 200 کەس بەشداری خۆپیشاندانی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردستانیەکانی هۆڵەند لەشاری دینهاخ دژ بە ملهوڕیەکانی دەوڵەتی تورکیا بوون.**

ئەمڕۆ26 -10-2007 بەبەشداری جالیەی کورد لەهۆڵەنداو بەبەشداری ژمارەیەک ڕێکخراوی کوردی لەشاری دینهاخ کاتژمێری 1ی دوانیوەڕۆ تا نزیکەی 2:30 خولەک خۆپیشاندان بەبەشداری نزیکەی 200 منداڵ و ژن و پیاوی کوردو هەندێک لەدۆستەکانی خەڵکی کوردستان درێژەی هەبوو،خەڵکی کورد لەهەموو گۆشەکانی هۆڵەنداوە بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون، و بەزمانی هۆڵەندی و کوردی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیاو هەڕەشەو پەلاماردانی دەوڵتی فاشیستی تورکیابۆسەر کوردستان و مافەکانی خەڵکی کورد مەحکووم کران.

خۆپیشاندەران بە شیعاری جیاجیاو بە تراکت و وێنەی جۆراوجۆر کە تەعبیر بوون لە نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان خۆپیشاندانەکەیان ڕەنگاوڕەنگ کردبوو،چەند لەخۆپیشاندەران ویستیان یاداشتێك بدەنە سەفارەتی تورکیا بەڵام سەفارەت دەرگایان لێنەکردنەوە،سەفارەتی تورکیا ئامادەی ئەوەش نەببوو کەلەنزیکەوە خۆپیشاندەران بێنە بەردەمی و بۆیە خۆپیشاندەران لەدووری مەسافەیەکەوە نارەزایەتیکەیان دەربڕی و شیعاریان دەدا،میدیاکانی هۆڵەندی و کوردی بەشێک لەم خۆپیشاندانەیان گواستەوە بۆ بینەرو بیسەرو خۆێنەرانیان.

هەرلەم کۆبونەوەیەدا زۆرکەس قسەیان کردو باسی ئەوەیان کرد کە ئەگەر ئەم هەڕەشانە بەردەوام بێت پێویستە کۆمیتەیەکی تۆکمەو ئامادەپێک بێت،وێڕای ئامادەیی ژمارەیەک لەئەندام و لایەنگری حیزبەکوردیەکان،بەداخەوە حیزبەکان بەشدارنەبوون و باس لەوەدەکرا کەلەکۆبونەوەی خۆیاندا باسی ئەوەیان کردووە کەبەشداری خۆپیشاندانەکان ناکەن و پشتیوانی خۆپیشاندان ناکەن.



ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ( چاک) – کۆمیتەی هۆڵەند-


www.chak.info

chak.org@gmail.com


26-10-2007